# بەرەو ریفراندۆمی سەربەخۆیی



قادر حەسەن

دورست بوونی دەوڵەتی عێراق لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم مێژوویەکی زۆر نیە کە خەڵک نەزانێ چی لەم عێراقە گوزەراوە، لەبەر ئەوەی کە حکوومەتی عێراق لەسەر بنەمایەکی ئاسایی و سرووشتی وولاتێک نەبووە، کە خاوەنی سنوورێک و جوگرافیایەک و نەتەوەیەک بێت و ساڵەهای ساڵ بە ئاشتی و ئاسایی ژیانی تێدا کرابێت و پێک هاتەو دانیشتووانەکەی بە حەزو ئارەزووی خۆیانەوەپێکەوە ژیانیان قەبووڵ بووبێت و پێکەوە ژیان و بەرژەوەندی هاوبەشی پەیوەندی دانیشتووان و پێکهاتەکانی عێراقی پتەوکردبێت، بەڵکوو عێراق لەئەنجامی بەرژەوەندی سیاسەتێکی ئیمپریالیستی دورستکراوەو پێکهاتەی کورد و عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە و ئەوانی تریش بەزۆر ناچارکراون لە چوارچێوەی عێراق دا بژین، هەرچەندە لە یەکەم دەستووری عێراق ئاماژە بە دوو پێکهاتەی سەرەکی کورد و عەرەب دراوە کە لە عێراق هاوبەشن بەڵام هەرگیز ئەم بەندەی دەستورە جێ بە جێ نەکراوە، نەک هەر کورد بەڵکو ناکۆکی و دوژمنایەتی نێوان عەرەبی سوننەو شیعەش نەک هەر چارەسەر نەکراوە، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ برینەکانیان قوڵتر بۆتەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی ستەمکارانەی بەعس و سەدام دا، هیچ پێکهاتەیەک نیە لەم عێراقە نەچەوسابێتەوە و بە دژی یەکتریش دا هان نەدرابن، یەکپارچەیی عێراق تەنها بە ئاگر و ئاسن پارێزراوە ئەگینا عەرەبی سوننەو شیعە لەلایەک، کورد و عەرەبیش لەلایەک هەمیشە ناکۆک بوونە بەتایبەتی کورد لە هەردووکی پێشتر زیاتر چەوسێنراوەتەوە و ماف و داخوازیەکانیشمان بە ئەنقەست ئەم دەست و ئەو دەستی پێ کراوەو کەس هەڵوێستێکی ئاشکراو مەردانەی لەسەر کورد پیشان نەداوە، تەنها کورد هەوڵی داوە و تا ئەندازەیەکی باشیش تووانیویەتی هەڵسوکەوت و پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەیی و ئایینی لە کوردستان هەبێت کە بەڕاستی ئەمە جێگای فەخر و شانازی گەلی کوردە بەتایبەتی دوای ڕووخانی سەددام و ڕژێمەکەی، ناکۆکی و دوژمنکاری نێوان شیعە و سوننەی عێراق زۆر زیاتر پەرەی سەند، شەڕی داعشیش هەر بەجارێک برینەکەی قوڵترکردەوەو کەشێکی ئاڵۆزی وای خوولقاندووە کە بەدەیان ساڵی تریش ناتوانێ تەنانەت متمانەش بگێڕنەوە نێوانیان، تەنها کوردستانە کە توانیوویەتی سەرەڕای ئەو جەور و ستەمەی لەلایەن ڕژێمەکانی عێراق دووچاری بووە، سیاسەتی تۆڵە سەندنەوە بەکارنەهێنێ و لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ هەمووان بکاتەوە، هەربۆیەش لەشەڕی داعشیش دا کوردستان تاکە جێگەی ئارام بوو بۆ هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوە جیاوازەکان.

جا بۆیە پێویستە هەموو کەسێک بەتایبەتی کوردستانیان ئەم ڕاستیە بزانن کە عێراق هەرگیز ناتوانێ عێراقێکی یەکگرتوو و دیموکراسی بێت و بتوانێت هەموو نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکان لەنێوان خۆیدا کۆبکاتەوە و بە ئاشتی و برایەتی بژین، بەپێچەوانە هەمیشە دووچاری شەڕی ناوخۆ و ململانێیی خوێناوی دەبێتەوە، بۆیە باشترین ڕێگا چارە بۆ چارەسەری کێشەو ئاڵۆزییەکانی عێراق جیابوونەوەی کوردستانە بە شێوەکی ئاشتیانەو دۆستانە چەندە بۆ کوردستان بەسوودە ئەوەندەش بۆ خودی عێراق سوودی هەیە، تەنانەت جیابوونەوەی عەرەبی سوننەش بۆ کۆتایی هاتنی شەڕ و ناکۆکی نێوانیان، هەنگاوی چارەسەرە هەرگیز عێراق ناتوانێ کۆنترۆڵی ئاشتی و تەبایی بکات و هەمیشە دەبێتە چەقی کێشە و ململانێ ناوخۆییەکان و هیچ ئارامی و خۆشگوزەرانییەک بۆ دانیشتووانی عێراق بەیەکگرتوویی دەستەبەر ناکرێت، ئیتر بەسە تاکەی ئێمەی کورد و خەڵکی کوردستان بەگشتی لەم ئاگرەدا بسووتێین، تاکەی ببینە قوربانی عێراقێک کە لە بنەڕەتدا بەسەقەتی دورست بووە.

سەربەخۆیی کوردستان مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی ڕێککەوتنە ئیستعماریەکەی سایکس-بیکۆ کە کوردستانیان دابەش کرد و بەزۆر ئەم هەرێمەی ئێمەیان بە عێراقەوە لکاند.



# کێ دەوڵەتی ناوێ؟!

## بەکارهێنانی ئامرازی راگەیاندن بۆ مەرامی خراپ، لە تاوانە ڕۆژنامەوانییەکانە و دەبێت بدرێن بە دادگا



**کەنعان بەهائەدین**

هەر لەو کاتەی سەرۆک بارزانی بە یاوەری حزبە کاریگەرەکانی کوردستان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان، وادەی ریفراندۆمیان دیاریکرد، کۆمەڵێک دەنگ هەن کە دەڵێن با گشتپرسی دوابخرێت یاخوود نەکرێت، بەبیانووی ئەوەی کاتی نییەو بارودۆخەکە مەترسیدارەو ..هتد.

لە کاتێکدا لەو ڕوانگەو گۆشەنیگایەوە کاتەکە زۆر لەبارە، ئەویش لە ئێستادا دەوڵەتی مەزهەبی عێراق بێ سووپایەکی نیزامی ڕەسمیە، هەروەها کورد زۆربەی ئەو ناوچانەشی لەبەر دەستەو سامانی سروشتی زۆری لێ بەدی دەکرێت و جوگرافیای هەرێمی کوردستانیشی فراوان کردووە.. وێڕای هەموو ئەمانە پێشمەرگە لە سەر پێیەو بۆتە هێزێکی خاوەن ئەزموون.. جگە لەوەش دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە لەماوەی رابردوودا ئەم هەموو جەورو ستەمەی لە نەتەوەی کورد کرا دەبێت کۆتایی پێ بهێنرێت و ببین بە خاوەنی سنوورێکی خاوەن سیادەی نێو دەوڵەتی، هەموو ڕۆژ کۆڵبەرو کاسبکارانمان نەکوژرێن، هەموو ڕۆژێک تۆپباران نەکرێین .. ئەوەی ڕۆژێک بەو پاسپۆرتە لاوازە عێراقییە گەشتی بۆ وڵاتان کردبێت، هەست دەکات لە فرۆکەخانەکان بێ سەنگەو بە گومانەوە سەیر دەکرێت، چونکە هەموو دونیا وا لە عێراقی گەیشتووە کە تاڵانچی و مرۆڤکوژ و تایەفەچی و گومڕان لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە، ناشزانن ئەم کووشت و بڕ و تاڵانکردن و گوند تێکدانە لەگەڵ ئێمە کراوەو لێی بێ بەرین!.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە لەنێو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و بەتایبەتیش لایەنە سەرەکییەکانی نێو ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم ئەگەرێکی وەها لە ئارادا نییە، بەڵام ئەگەر بە خواست و ویستی ئەوانەی دەیانەوێت ریفراندۆم دوا بخرێت بیربکەینەوە، هیچ ئیمتیازێکی سیاسی و ئابووری قەرەبووی هەنگاوی ریفراندۆم ناکاتەوە، کە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەمە لەبەر چاو بگرن، کەوایە دەبێ بزانین ئەوانەی دەوڵەتیان ناوێت بریتین لەو کەسانەی کە بڕێک ئیمتیاز و پارەو پوولیان دراوەتێ و لە بەرانبەر هەندێک بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ، کۆمەڵێک ماکینەی ئیعلامیان بەگەڕ خستووەو هاش و هووشیان خولْقاندووە، ئەگینا لە ئەرزی واقیع بە تەنهان و چوار دەوریان چۆڵەوانیە، خەڵکی خاوەن عەقڵ و هەڵوێست دوایان ناکەوێت .. بێگومان بەپێی عورف و یاسای کاری رۆژنامەوانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ مەرامی تایبەتی و خراپ، بەشێکە لە تاوانە رۆژنامەوانییەکان و دەبێت بدرێن بە دادگا، بە تایبەت لەسەر پرسە نیشتیمانی و هەستیارەکانی وڵات و تایبەتتریش لەسەر ئەو پرسانەی پەیوەستن بە ئەمنی قەومی گەل و نیشتیمانەوە، ئەگەر تەوجیهی پێچەوانەی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات هەبێت، دەبێت دادگا ئەمە یەکلایی بکاتەوە، بۆیە ئەوانەی کە دەوڵەتیان ناوێت کەسانی خاوەن بەرژەوەندی و سوودمەندی تایبەتن و پەیوەندی بە پرۆژەیەکی دیاریکراو نیە بۆ وڵات.



# ڕۆژی 9/25 جەژنی گشتپرسییە بۆ کوردستان

## ئەو پێکەوەلکاندنە زۆرەملێیە هەموو کات سەرچاوەی کێشە بووە، تا ئەم غەدرەش ڕاست نەکرێتەوە، عێراق ئارامیی بە خۆیەوە نابینێت



**سەباح شێخانی**

گشتپرسی بریتیە لە دەنگدانی ڕاستەوخۆ بۆ هەڵبژاردنی وەڵامێک "بەڵێ" یان"نەخێر" لەسەر پرسێکی دیاریکراو، بە مانایەکی دیکە، گشتپرسی ڕێگەیەکە هاونیشتیمانیان دەیانەوێت بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبێت لە پرسە چارەنووسازەکاندا. بۆ نموونە لە 18ی سێپتمبەری 2014 دانیشتوانی سکۆتلاندا گشتپرسیان ئەنجامدا بەمەبەستی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە شانشینی بەریتانیا.

گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی مافێکە یاسا نێودەوڵەتییەکان بەگشت گەلانی جیهانی داوە، مێژووی تاڵ و رابردووی پڕ ناسۆر، سەڵماندویەتی خاکی هەرێمی کوردستان هیچ کات بەشێک نەبووە لە عێراق، سەرچاوەی ئەو هەموو نەهامەتی و دەردەسەریەی بەسەر کوردستاندا هاتووە ئاکامی ئەو غەدرە بووە کە بە زۆر کوردستان بە عێراقەوە گرێدراوە، ئەم پێکەوە لکاندنە زۆرەملێیەش هەموو کات سەرچاوەی کێشە بووە، تا ئەم غەدرەش ڕاست نەکرێتەوە، ئەوا عێراق ئارامی بە خۆیەوە نابینێت.

لە ماوەی چارەگە سەدەیەکی رابردوودا، هەرێمی کوردستان توانیی نموونەیەکی تازە و جوان پیشانی هەموو جیهان بدات، هەروەها توانیوویەتی چەندان خاڵی بەهێز دروست بکات کە سەرنجی وڵاتە پێشکەوتو و زلهێزەکان بە لای خۆیدا رابکێشێت، لە بەرانبەریشدا دونیا بەشێوەیەکی ئەرێنی مامەڵە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات.

گشتپرسی، وەک پرسێکی گرینگ و هەنووکەیی، ماوەی چەند ساڵێکە، بووەتە جێگەی قسە و باسی زۆر، بەڵام لە دوای دەستنیشانکردنی کاتەکەی" 25ی ئەیلوولی 2017 گشتپرسی و سەربەخۆیی، چووە قۆناغێکی دیکەوە، ئیدی بووە واقیعێکی بەرجەستەکراو کە دەبێت سەرجەم پارتە سیاسیەکان وەک دەرفەتێکی مێژوویی لێی بڕوانن و کاری بۆ بکەن.

گشتپرسی توانی گوتاری سەرجەم پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان یەکبخات، تەنانەت بەو پارتە سیاسیانەش کە پێیانوایە لە ئێستادا گشتپرسی سەرکەوتوو نابێت، یاخود بیانوگەلێکی بێ بنەما بۆ نەکردن و دواخستنی دەدۆزنەوە.

کورد خاوەنی هەموو خەسڵەتێک و هەلومەرجێکی لەبارە، هیچی لەو میللەت و نەتەوە پێشکەوتوانەی سەر گۆی زەویی کەمتر نییە و شیاوی ئەوەیە: خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت و لەنێو نەتەوەکانی جیهاندا سەر بڵندانە ئاڵای نەتەوەکەی بدرەوشێتەوە.

جەژنی گشتپرسی و شەمەندەفەری سەربەخۆیی، وەها بە سانایی نەگەیشتووەتە ئەم وێستگەیە، بەرهەمی شەونخونی و خەباتی بێ پچڕانی سەدەیەکی کوردە.